# نارِەزایەتیە جەماوەریەکانی کوردستان و وەلامێك بۆ کۆتایی

کاروان نجم الدین
karwanmj@yahoo.com

شانزە ساڵە خەڵکی کوردستان بەدەست دەسەلاتی ئەحزابی میلشیایناسیۆنالزمی کوردەوە ڕوبەڕوی کارەسات و مالۆیرانی و سەرکوت و تالانی و بێمافی دەبنەوە و هەرڕۆژە لەگۆشەیەکی ئەم کۆمەلگایە دەنگی نارِەزایەتی بەرزدەبێتەوە , خێوێنکاران هەموو ڕۆژە سەرشەقامەکان و داخلیەکان و هۆلی وانەوتنەوە وڕو پەڕی ڕۆژنامەکانیان کردوە بە مەیدانی ئیعترازەکانیان , ئازادیخوازان هەموو ڕۆژە لەگەڵ پۆلیس و دادگا کارتویەکانی پارێزەریی دەسەلات بەرەوڕون ئەگەر ڕەحمی دەزگا تاییەتەکان بۆیان بجولێت و ڕاستەوخۆ ڕوبەڕوی فرِاندن و مەرگ نەبنەوە , کریکاران ئاستی ژیانیان گەیشتوەتە ئاستی نادیار وابەستە بوەتەوە بەشانسی پەیداکردنی کار لەڕۆژدا بێجگە لەوەی بە پێی یاسای بەعس وەك فەرمانبەر ناودەبرێن , ڕێژەی بێکاری ئامارێکی دیاریکراوی نیەو لشاوێکی بەرفراوانی گرتۆتەوە , لەشفرۆشی هەمیشە لە پەرەسەندندایە , ئختسابی ژنان لەلایەن "بەرپرسان"ی ئەحزابی قەومیەوە بوە بە موزایەدە , کارکردنی مندالان لەسەر جادە , بەردەبارانکردنی ژنان و خوێناویکردنیان لە لایەن ئەوقەبیلە و سەرۆك خیلانەی کە پشتیوانی ڕاگرتنی دەسەلاتی ئەحزبی قەومین لەکوردستان بەبیانوی "لەکەدارکردنی دابە خیلەکی و دابی گشتی" و لە لایەن دەسەلاتدارانیشەوە موقەدەس چاویان لێدەکریت و هەمیشە لەهەولی پشتیوانیدان لێیان , نەبونی ئاو , بێکارەبایی , بلاوبونەوەی نەخۆشی سالی بیستەکان لە ئە نجامی نەبونی خزمەتگوزاری وەك ( کولێرا ) , بەتالانبردنی سەروەتو سامانی کۆمەلگا لەلایەن ئەحزابی ناسیۆنالزمی کوردەوە, ئەمانە و هەزارانی دیکە کە گۆشەیەکن لەو جەهەنەمەی نیزامی هار و هەوسار پچڕاوی سەرمایەداری بۆڕاگرتنی دەسەلاتی سەرکوتگەر و خوێناوی خۆی ڕوبەڕوی خەلکی عیراق و جیهانی کردۆتوە , هەمیشە لەگەڵ نارِەزایەتیەکانی خەلکی کوردستاندا بەرەوڕون , بەجۆرێك کە خودی نوسەر و ڕۆژنامە و لایەنگرانی ئەم ئەحزابانەی هێناوەتە هەلا و خەریکی بە ئاگاهێنانەوەیئاغاکانیانن و لەژێیرناوی بەرگری لە ئیعترازەکانی خەلك دەیانەوێت بە پینەکردنی شەبەق و ڕزیویەکانی دەسەلات نارِەزایەتیەکان لە چوارچێوەی دەسەلات و "یاساکانیان" , هولی نوێنەرانی ئەحزابی قەومی و دینی کە ئەوان پێیدەلن "پەڕلەمان" قەتیس بکەن و سەرئە نجام ناو هۆلی پەرلەمان و سەرمێزی بەرپرسانی حکومەتەکەیان بکەنە یەکلاییکردنەوەی نارِەزایەتیەکانی خەلکی کردستان و هیچ ڕێگە چارەیەك لەدەرەوەی حکومەتو قانونەکانیان ناهێلنەوە و ئەگەرڕوبدات بە سەرپێچیکردن لە یاسا و لادان لە قیبلەی پەڕلەمان ناودەبرێت , کە ئەمەش ڕاستەوخۆ تەسلیم کردنەوە و سەرکوتکردنی ئیعترازەکانی خەلکە بە حکومەت و پەڕلەمانێك کە خودی ئەوان خولقێنەری ئەو سەرکوت و بێمافیەن لە کوردستاندا , پەرلەمان هەمورۆژە لە ئامادەباشیدایە بۆ بەیاسیی کردنەوەی سەرکوت و گەندەلیەك کە بە مێژووی چەند سالی ناسیۆنالزمی کورد گەلالەیانکردوە , ئەو یاسا دواکەوتوانەی کە خەلك ئیعترازی فراوانی بۆبەرگرتن بە بەیاسایکردنیان بەرێدەخەن ئەمرۆ دەیکەنە چارەسەری و سەرکوتکردنی ئەو گۆڕانکاریانەی خە خەلك هەنگاوی گەورەیان بۆ هەلناوە . ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە ڕوکردن لەم دەسەلادارانە و داوای "دیموکاتی" بونیان و بنبڕکردنی نەهامەتیەکانی کۆمەلگا تەسلیم کردنەوەی بەرەی نارازی خەلکە بە حکومەت و یاسا و دەسەلاتە سەرکوتگەرەکەیان.

بەلام لەهەمانکاتداڕیزێکی فراوان لە خەلی کۆمۆنیست و ئازادیخواز لە بەرزکردنەوەی دەنگی نارازی لەبەرانبەر ئەم حکومەت ودەسەلاتە سەرکوتگەر و مشەخۆرە ی کە ئەحزابی قەمی کوردستان سە پاندویانە بەسەر خەلکدا لەمەیداندایە و دەرەوەی حکومەت و "پەڕلەمان"ەکەی ئەونی کردۆتە مەیدانی ڕوبەڕو بونەوە و هەلسوڕانی جەماوەری دژی ئەو نەهامەتیە یەك لەدوای یەکانەی ئەم ناسیۆنالزمە ئەیرپێژێت بەسەر خلکی کوردستاندا , بەلام ئەم دەنگە هەمورۆژ لەگەلسەرکوت و زیندان بەرەوڕوە , بۆ وەلامدانەوە بە هەمو ئەوخالانەی باسمانکرد و جێبەجێکردنی داواکانی خەلك و دامەزراندنی کۆمەلگایەکی مەدەنی کە وەلامی پێداویستیەکانی خەلکی کوردستان بێت , بێجگە لە ڕامالێنی دەسەللاتی ئەحزابی قەومی کورد ڕێگایەك نەماوە , چونکە بە خەلکی کردن و ڕیفۆرم لەو دەسەلاتەدا بێجگە لەوەی پینەکردنی تاوانەکانی دەسەلاتە لە هەمانکاتدا ڕیفۆرم تا ئەوجێگایە بڕەدکات کە مەصلەحەت و داواکانیئەوان نەخاتە ژێر پرسیارەوە , بویە دەسەلاتیك کە بە بارمتەگرتنی نانی خەلك بەچەك خۆیی سە پاندە دەبێت بڕوات , بۆ ئەم کارەش تەنها وەلام و تەنهارێگەئەوەیە کە دەبێت خەلکی نارازی کوردستان خۆی ڕێکخراو بکات ڕکخراوکردنی بەرەیەکی ئاوها فراوان لە خەلکی نارازی و ئازادیخواز کاری خودیی ئازادیخوازان و کۆمۆنیستەکانە لە ڕیزی پیشەوەیاندا حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی چە پی عیراق .